# ئەگەر مێش کەوتە نێو خواردنەوەی هەریەکێکتان؛ ئەوا با نقومی بکات لە خواردنەوەکەدا پاشان فڕێی بدات، چونکە لە باڵێکی نەخۆشی هەیە، ولە باڵەکەی تری چارەسەر هەیە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر مێش (مەگەز) کەوتە نێو خواردنەوەی هەریەکێکتان؛ ئەوا با نقومی بکات لە خواردنەوەکەدا پاشان فڕێی بدات، چونکە لە باڵێکی نەخۆشی هەیە، ولە باڵەکەی تری چارەسەر (دەرمان) هەیە». لە گێڕانەوەیەکی تردا: «مێشەکە بەو باڵەی نەخۆشی پێوەیە خۆی دەپارێزێت».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە ئەگەر مێش (مەگەز) کەوتە ناو خواردنەوە ئەوا ئەمە کاریگەری خراپی نابێت بۆ خواردنەوەکە بەڵکو پێویستە مێشەکە نقوم بکرێت لە خواردنەوەکەدا؛ چونکە لە یەکێک لە باڵەکانی نەخۆشی هەیە ولە باڵێکی تری شیفا هەیە لەو نەخۆشییە. ولە ئەمڕۆدا ئەم هەقیقەتە زیاتر دووپاتکراوەتەوە لە زانستی پزیشکی کە تاقیکراوەتەوە وسەلمێنراوە، وئەم زانستە مسوڵمانان لە پێش چەندەها سەدە زانیویانە، سوپاس وحەمد بۆ خوای گەورە بۆ نیعمەتی ئیسلام.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8363